The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
chak_org@yahoo.com

# له ڕێگەی چاکەوە هەواڵی زیندانی د.کەماڵ بە تەواوی ناوەندی ڕۆشنبیری و مافی مرۆڤەکانی جیهان دەگات

## دەیان نووسەری ناسراوو ئەکادیمی پشتگیری لە چاک دەکەن بۆ ئازادکردنی د.کەماڵ

هەر لە سەرەتاوە ناوەندی چاک یەکەم ڕێکخراو بووە کاری پراتیکی بۆ ئازاد کردنی د.کەماڵ کردووە , ئەو هەوڵە جدی و پراتیکییانەی تاکو ئێستا دراون زۆربەی لە چاکەوە بووە , بەڵام ئێمە بەهۆی هەڵوێستمان لەسەر ناشرین نەکردنی دەسەڵاتی کوردی , دژایەتی نەکردنمان بۆ هیچ پارت و لایەن و گرووپێکی سیاسی دیاریکراو وای کردووە , گوتارەکانمان لەم بوارەدا شێوازی تایبەتی خۆی هەبێت , ئێمە لە ڕێگەی دۆزی د.کەماڵەوە هەوڵ دەدەین بۆ :

- هەڵوەشاندنەوەی زیندانی نهێنی و حیزبی لە کوردستان , بە تایبەت هەردوو زیندانی شوومی ئاکرێ و قەڵاچۆلان.
- سەربەخۆ بوونی سستەمی دادوەری لە کوردستان .

هەر بۆیە داوای یەکلاکردنەوەی کێشەکەی د.کەماڵ لە دادگایەکی ئاشکراو سەربەخۆدا دەکەین.

پاش دادگایی کردنی د.کەماڵ ناوەندی چاک هاوپەیمانی ئاشتی و دادپەروەری جیهانی لەو بڕیارە ناڕەوایەی دادگای هەولێر ئاگادار کردەوە , ئەوانیش ئەم بەیاننامەیان دەرکرد . *

http://opl-now.org/?p=84

هەمان بە یاننامەیان بۆ 12 هەزار ناوەند و دەزگاو کەسایەتی جیهانی ڕەوانە کرا , بە تایبەت ڕێکخراوەکانی ڕۆشنبیری و نووسەران و مافی مرۆڤ , بە دوایدا چەندین ناوەند وتەیان دا لە سەر دۆزی د.کەماڵ .

ئەمەو پێشتر ناوەندی چاک سەرباری سەردانی خاچی سووری نێونەتەوەیی لە سویسراو ولآتانی دیکەی کردووە , سەرباری هەولە جدییەکانی لەگەلٚ ئەمنستی و پەرلەمان و سەرۆکانی ولآتان .
هەروەها ناوەندی چاک بانگەوازێکی بە زمانی عەرەبی بلآو کردەوە , تاکو ئێستا دەیان کەسایەتی ناسراوی کورد , عەرەبی , عێراقی , جیهانی واژۆیان لەسەر کردووە , سایتی بەنێوبانگی حیوار متەمەدن چالاکانە ئەم کەمپینە بەڕێوە دەبات کە ڕۆژانە نیو ملیۆن کەس سەردانی دەکات .
http://www.petitiononline.com/mod_perl/signed.cgi?ksq2510&1

ئێمە پێمان ناخۆشە ببینە یەکەم خۆپیشاندەر بۆ بەردەم سەفارەتخانەکانی عێراق دژ بە دەسەلآتی کوردی لە دەرەوە و سیمای دەسەلآتی کوردی لە دەرەوە ناشرین بکەین , بۆیە داخوازین د.کەمالٚ لە دادگایەکی عادیلانەدا کێشەکەی یەکلا بکرێتەوە بە ئامادە بوونی پارێزەرانی , یاخود دەست بەجیٚ ئازاد بکرێت.

ناوەندی هەلٚەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک .
chak_org@yahoo.com
www.chak.info

2005/12/27

- چاک بووە بە ئەندامی هەمان ڕێکخراو , بۆیە لە ئێستا بەدواوە دەتوانیین هەوالٚی پێشێلییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان باشتر بلآو بکەینەوە .
- http://opl-now.org/?p=85